# هەرکەسێک لە گوێڕایەڵی دەربچێت، وخۆی جیابکاتەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان (پەرتەوازەیی دروست بکات) وبمرێت، ئەوا مردنەکەی مردنێکی جاهیلیەتە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک لە گوێڕایەڵی دەربچێت، وخۆی جیابکاتەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان (پەرتەوازەیی دروست بکات) وبمرێت، ئەوا مردنەکەی مردنێکی جاهیلیەتە، وهەرکەسێک جەنگ بگات لە ژێر ئاڵای کوێرایەتی کە بۆ دەمارگیری تووڕە دەبێت، یان بانگەشە بۆ دەمارگیری دەکات، یان دەمارگیری سەردەخات، ئەگەر بکوژرێت ئەوا کوشتنەکەی کوشتنی جاهیلیەتە، وهەرکەسێک لە دژی ئوممەتەکەم دەربچێت، و لە چاک وخراپیان بدات، وخۆی نەپارێزێت لە ئیماندارانیان (لە ماف وخوێن وماڵیان)، وپەیمانی نەباتە سەر لەگەڵ ئەوانەی پەیمانیان پێدراوە، ئەوا ئەو کەسە لە من نییە ومنیش لە ئەو نییم».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرکەسێك دەربچێت لەگوێڕایەڵی فەرمانڕەوای مسوڵمان، وخۆی جیا بکاتەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان کە یەکدەنگن لەسەر بەیعەتدان بەو فەرمانڕەوایە، و لەسەر ئەم حاڵە بمرێت ؛ لە خۆ جیاکردنەوە وگوێڕایەڵ نەبوون، ئەوا وەکو خەڵکی سەردەمی جاهیلیەت مردووە ؛ کە گوێڕایەڵ نەدەبوون بۆ هیچ فەرمانڕەوایەك و نەدەبوون بە یەك کۆمەڵ ودەست، بەڵکو چەندەها کۆمەڵ وهۆز بوون ودژی یەکتر جەنگیان دەکرد. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەرکەسێك لەژێر ئاڵایەك بجەنگێت ؛ وگوێ بە ڕاست وپوچەڵ نەدات، بەبێ زانست وچاوڕۆشنی ؛ تووڕە دەبێت ودەجەنگێت لەسەر دەمارگیری بۆ گەل یان هۆزەکەی یان هتد، نەك بۆ سەرخستنی هەق وڕاستی تووڕە بێت وبجەنگێت، ئەگەر لەسەر ئەم حاڵەتە بکوژرێت ؛ ئەوا وەکو مردنی سەردەمی جاهیلیەتە. هەرکەسێك دەربچێت دژی ئوممەتەکەی -صلى الله عليه وسلم- ؛ ئازاری چاك وخراپ بدات، وگوێ نەدات بەوەی دەیکات لە تاوان ولە سزای کوشتنی ئیماندار نەترسێت، وپەیمانەکانی هەڵبوەشێنێتەوە ؛ لەگەڵ خاوەن پەیمانەکان لە کافرەکان یان لەگەڵ فەرمانڕەواکان بە بەیعەتدان، ئەمە لە تاوانە گەورەکانە، وئەوەی بیکات ؛ شایستەی ئەم هەڕەشە توندەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58218

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee